# دیواره كۆنكریتیەكان تەناهی و ئاسایش بەركەماڵ ناكات

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

لەم رۆژانەدا لەیەكێك لە كەناڵەكانی راگەیاندنەكانی ئەم وڵاتەوە باس لەوە دەكرا كە تەنها لە شاری بەغدای پایتەختەی ئێراقدا بڕی (100) ملیون دۆلار بۆ دیواری جیاكەرە ( الجدار العازل ) لە میزانیە و بودجەی ئێراق سەرف كراوە ، ئەمە تەنها لە یەك شاری ئێراقدا ئەوبڕە زۆرەی پارەیە خەرج كراوە ئەگەر تەماشای بڕی خەرجی هەموو شارەكانی ئێراق بكەین بۆ ئاوەها كارێك ئەوە گومانی تێدا نییە بەو پارەیە دەوتوانێت وڵاتێكی كەم دەرامەت لە كیشوەری ئەفریقا لە هەژاری و برسیەتی رزگار بكات ، ئەم پارەیە تەنها پارەی بەرپرسەكان نییە كە بە میرات لە باوكیانەوە بۆیان بەجێمابێت بەكامی دڵی خۆیان چۆنی تەخشان وپەخشان دەكەن بیكەن بەڵكو پارە و داهاتی هەموو خەڵكی ئێراقیە بۆ ئەو مەسەلەیە خەرج دەكرێ ئەگەر خوای كرد بارو دۆخەكە هێوەر و ئارام بووەوە ئەوا ئەو بەردانە چی لێدەكەن و بەكێی دەفرۆشن ؟ .

ئێستا ئەم وڵاتە لە هەموو كات زیاتر پێویستی بە ئاوەدان كردنەوە و بنیاتنانەوە و نۆژەن كردنەوە هەیە چونكە لە سەردەمی رژێمی لە ناوچوو تەواوی داهات و خەرجیەكانی ئێراق بۆ مەسەلەی جەنگ تەرخان كرابوو كارخانە و فابریقەكان تەنها كەرەستەی سەربازی و جەنگیەكانیان بەبەرهەم دەهێنا ، دوای روخانی رژێمی دیكتاتۆری ئیتر خەڵكی سەلیقە و تاقەتی ئەوەی نەماوە جارێكی دیكە ژێرخانە ئابوریەكانی كۆمەڵگا بخرێتە خزمەتی جەنگ و كەرەستە سەربازیەكانەوە .

تەیمور لەنگ لە یاداشتەكانیدا باس لەوە دەكات لە هەر بەرەیەكی جەنگ و شەڕێكدا ئامادە بوایە خۆی چەند هەنگاوێك پێش لەشكر و سەربازەكانی دەكەوت و خۆی یەكەم گورزی دەوشاند ئەمە خەسڵەتی كەسی سەركردە و فەرماندەی مەیدانی و سەركەوتووە چونكە ئەگەر سەربازەكان ئەو جورئەت و بوێری و جەسارەتەیان لە بەرپرسەكەیان بینی گۆمانی تێدا نییە ئەوانیش بەو گیان و رۆحیەتە ئازایانە و بەورە بەرزیەوە مامەڵە لەگەڵ رووداو پێشهاتەكاندا دەكەن ، بەڵام ئەگە كەسی فەرماندە و بەرپرس ترسا و سڵی كردووە و خۆی شاردەوەبێگومان ئەوا كەس حازر نییە خۆی بەكوشت بدات و دوای كەسی فەرماندە بەسەركەوتنەكەی خۆی هەڵكێشێ و گەزاف لێبدات ، رۆژانی شاخ و پێشمەرگایەتی بزافی رزگاری خوازی كورد هەواڵی وامان دەبیست كە فلان فەرماندە و سەركردە نەك خۆی لە پشت

بەردەکانەوە حەشار نەداوە بەڵکو سەنگەرەکەی بەجێ هێشتووە و هەر بەپێوە و بە راوەستاوی شەڕی کردووە و ئامبازی مەرگ بووتەوە ئەمەش ورەو عەزمی هاوڕێکانی بەرز کردووەتەوە بۆیە بەو ورە بەرزیە شەڕی تانك و زرێپۆش و فڕۆکەیان کردووە سەرکەوتنیشیان بە دەست هێناوە .

سوکرات پیاڵە ژەهرەکەی نۆشی ووتی : ( ئەگەر خۆم یەکەم کەس نەبم قوربانی بە خۆم بدەم لە پێناو بیر و باوەڕەکەمدا ئەوا کەسی تر ئامادە نییە ئەو قوربانیە بدات ) سەرئەنجام بادە ژەهرەکەی فڕ کرد، بەرپرس و لێپرسراوانی ئێراق ئەوانەی کە ئەرکی پاراستنی سەر و ماڵ و گیانی خەڵکی و هێوەر کردنەوەی دۆخە نالەبار و ئاڵۆزەکەی ئێراق و سەقامگیر بوونی ئاسایش و تەناهیان لە ئەستۆیە خۆیان لە ناو ئەو دیوارە جیاکەرەوانە حەشارداوە و قەڵغانێکیان بە چیمەنتۆ و کۆنکریت دروستکردوە تاکو تەقینەوەکان بڕیان پێ نەکات و پاش کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی بێدیفاع و سیڤیل ئەوان بەسەلامەتی بێنە سەر خوێنی رژاو و تەرمی پارچە پارچە کراویان و فرمێسکی تیمساحیان بۆ بڕێژن و بەقسە نەفرەت لە ئەنجامدرانی کارە تیرۆرستیەکان بکەن .

ئەو دیوارانە نەك ترسنۆکی لێپرسراوەکان دەخاتە روو بەڵکو نەفەسێك و ورەیەك بە تیرۆرستان دەدات بۆ زاڵ بوون .

لە کۆتایدا دەڵێم ئەگەر ئێوەی قائید لە پشت بەردە کۆنکریتیەکانەوە خۆتان حەشار بدەن و گیان و سەلامەتی خەڵکتان لامەبەست نەبێت ، ئەگەر ئێوەی بەرپرس خۆتان یەکەم هەنگاو دەست پێنەکەن بۆ بەگژا چوونەوەی تیروەر و وەرەی خۆتان نەکەنە قەڵغان لە جیاتی ئەو دیوارانە ئەوا زەحمەت خەڵکی لە خۆاری ئێوەوە ئەو قوربانیە پێشکەش بکات و تیروەر بنبڕ بکات ، ئەگەر بەو دیوارانە بارو دۆخەکە باش بکەن حاڵی ئێراق لە ئێستا شڕتر دەبێت و دەسەڵاتەکەتان لەق و لاواز تر دەبێت .